کتێبخانەی (PDF)



# سەرکێشیەکانی شێرلۆک هۆلمز
## کتێبی شەشەم

نووسەر
ئارثەر کۆنان دوێڵ

وەرگێر
مەدینە ئەحمەد

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ
گروپی کتێبخانەی ( PDF )
ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان
وە بەرهەم و کاری نوێ



# سەرکێشییەکانی  شێرلۆک هۆڵمز

**لەنوسینی:**

**ارثر کۆنان دوێڵ**

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:**

**مەدینە احمد**

# خانەدانە سەڵتەکە

هاوسەرگیرییەکەی لۆرد سایمۆن و کۆتاییە سەرنج ڕاکێشەی چیتر سەرنجی ئەوکۆمەڵگە ڕاقییەی کەزاوا بێ بەختەکە تێیدا دەژیا ڕانەدەکێشا، ڕوداوە سەرنج ڕاکێشەکانی پێش چوار ساڵ ڕویدا.

هەموو ڕاستییەکانیش هەرگیز بۆڕای گشتی ئاشکرا نەکرا، هاوڕێکەم پشکی شێری بەرکەوتبوو لەچارەسەرکردنی کێشەکە، هەستەکەم بیرەوەرییەکانم کامڵ نابێ بەبێ وەسفکردنێکی کورت بۆئەم زنجیرە ڕوداوە .

چەند هەفتەیەک پێش هاوسەرگیریەکەم ڕوویدا، لەوکاتەی هێشتا لەشەقامی بەیکەر لەگەڵ شێرلۆک دەژیام، نامەیەک لەسەر مێزەکە چاوەڕوانی هاتنەوەی شێرلۆکی دەکرد لەپیاسەی ئێواران، بەدرێژایی ڕۆژ لەماڵەوە مامەوە چونکە بەشێوەیەکی کتوپڕ کەشەکە گۆڕابوو! بایەکی پایزەی توند بارانی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. بەشانێکی برینەوە لەئەفغانستان لەهەڵمەتێکی سەربازی گەڕابوومەوە، کەشێکی لەم شێوەیە ئازارێکی بەردەوامم پێ دەگەیەنێت بەڵام توند نا.

پاڵم بەکورسییەکەمەوە نابوو هەردوو قاچیشم لەسەر کورسییەکی دیکە ڕاکێشابوو، خۆشم بەو ڕۆژنامانەوە خەریک کردبوو کە هەواڵی ڕۆژی لەخۆ گرتبوو، خستمە لاوەو بەتەمەڵی بۆی ڕاکشام. سەیری هێمای زەرفەکەم دەکرد

کەلەسەر مێزەکە بوو، لەبەر خۆمەوە دەمگوت ئاخۆ ئەبێ چ کەسێکی خانەدان بێت کە نامەی بۆ هاوڕێکەم ناردبێت؟

کاتێک خۆی کرد بەژوردا پێمگوت: ئەوەتا نامەیەکت بۆ هاتووە، وەکو ئەوەی بیزانم بەیانیان بێجگە لەنامەی وەسڵ هیچی ترت پێ ناگات.

بەزەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دامەوەو گوتی: بەڵێ، نامەکانم هەمەجۆرن بەدڵنیاییەوە، هەمیشە ئەوانەی کە هەست بزوێنن ئەوانەن کەبێفیزن. بەڵام ئەمە لەبانگهێشت نامەیەکی کۆمەڵایەتی دەچێت، حەزم لەم جۆرە بانگهێشتنامانە نیە چونکە بێزارکەرن یان ئەبێ بەرگەی دووڕووەکان بگریت.

زەرفەکەی کردەووەو سەیری خاوەنی نامەکەی کردوو گوتی: اەەەەە، ئەکرێت ئەمەیان سەرنج ڕاکێش بێت.

- کەواتە بانگهێشت نامەیەکی کۆمەڵایەتی نییە؟
- بەڵکو ڕوونە لەکارەوەیە.
- لەچینی سەرەوەیە؟
- یەکێک لەخانەدانترین کەسەکانی ئینگلتەرایە.
- هاوڕی پیرۆزە.

- بەئەوپەڕی ڕاستگۆییەوە پێتەڵێم واطسۆن، ئەوەندەی کەیسەکە بەلامەوە گرنگە پلەی کۆمەڵایەتیم بەلاوە گرنگ نییە. ئەم لێکۆڵینەوەش گرنگییەکەی لەوانی دیکە کەمتر نییە. پێم بڵێ لەم دوایدا ڕۆژنامەت بەباشی خوێندۆتەوە؟



بەداخێکەوە ئاماژەم بۆ بۆدەستەیەک ڕۆژنامەم لەسوچێکی ژورەکەدا کرد، ڕوونە هیچ شتێکی ترنەبوو بیکەم.

- بەختێکی باشە، ئەکرێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆزیادکردنی زانیارییەکانم، بێجگە لەهەواڵی تاوانبارەکانو کێشە تایبەتییەکان هیچی تر ناخوێنمەوە، ئەمەش

هەمیشـــە بەسـوودە، بەنسـبەت تۆشـــەوە وەدوی هەواڵە نوێیەکـــان بویـــت، ئەکرێـــت لەبـــارەی هاوســــەرگیرییەکەی لـــۆرد ســـایمۆن شـــتت بەرچاو کەوتبێت.

- اەەەەە، بەڵێ، زۆر بە وردیشەوە.
- زۆرباشـــە ئەونـــامەی کەلە نێـــو دەســـتەکانم هەڵـــم گرتـــووە لەلـــۆرد ســـایمۆنەوەیە. بـــۆتی ئەخـــوێنمەوە، لەبەرامـــبەردا ئەبـــێ دووبـــارە چـــاو بەڕۆژنـــامەکە بخشـــێنیتەوەو هەرشـــتێک پەیوەنـــدی بەم بـــابەتەوە بـــوو پـــێم بڵێـــی.ئەوە نامەکەیە:

ئازیزەکەم هۆڵمز.

لـــۆرد بـــاکوتر پێـــی گـــوتم بەتەواوی دەتـــوانم پشـــت بە بێـــدەنگیت ببەســـتموو ڕات وەربگـــرم، بـــۆیە لەبـــارەی هاوســـەرگیرییە بەئـــازارەکەمو ڕوودانـــی ئەوڕووداوە ناخۆشـــە ڕاوێـــژت پـــێ بـــکەم. پشـــکنەر لیســـتراد ئێســـتا لەســـەر دۆســـییەکە کاردەکـــا، بەڵام پێـــی گـــوتم ئاســـاییە بەلایەوە لەگەڵیـــدا بســـازێی، پێـــی وایە ســـــازانت لەدۆســـــییەکەدا ســـــودێکی زۆری دەبێـــت. کـــاتژمێر چـــواری دوای نیـــوەڕۆ ســـەردانت دەکەم، ئەگەر هەر ســــــەردانیەکی تـــــرت هەیە تکایە دوای بخە چونکە ئەم بابەتە زۆر گرنگە.

کاتێــک نــامەکەی دەنوشــتانەوە، هــۆلْمز گــوتی: لەکۆشــــــکی گروســـــفینۆرە، بەقەڵەمــــــی پەڕ نوســــراوە، لــۆردە بــێ بەخــتەکە! ڕووی درەوەی پەنــــجە بچــوکەی ڕاســـتی بەمــــرەکەب پــیس کردووە.

- کــاتەکەی کــاتژمێر چــوارە، ئێســتا کــاتژمێر سـێیە، بەوپێیـیە بێـت کـاتژمێرێکی دیـکە لێـرە ئەبێ.
- کەواتە ئەوەنــدەکاتم دەبــێ بــۆئەوەی لەم بــابەتە یارمەتیــــــت بــــدەم. دەی ئەم ڕۆژنــــــامەیە هەڵــــدەرەوە و بەپێـــــی بەروارەکەی ڕیــــزی بـــکە، منــیش پێــداچونەوە بەکتێــبەکەم دەکەم بۆئەوەی بریکارەکەمان بناسم.

هــۆلْمز لەنزیــک ڕەفەی ئــاگردانەکەوە کتێبێکــی ئینســکلۆپیدیای ســوری داگرتــوو، گــوتی: ئەوەتــا. دواتــر دانیشــتوو کتێــبەکەی بەکراوەیــی لەســەر ڕانەکــانی دانــاو دەســتی بەخوێنــدنەوەی کــرد: لــۆرد ڕۆبــرت واڵســنگ هــام ســێنت ســایمۆن، کــوڕی دووەمــی دوک[ **بەکەســێکی خــانەدان دەوترێــت، بەپێــی مێــژوو پــلەی لە پاشــاو شــاژن نزمتــرە. بەخاتونەکـــانیش دەوترێـــت دۆقە کەلەوشــــەی دۆچســی ئینگلیــزییەوە هــاتووە، ئەوخانمــانەی کەهاوســــــەرگیری لەگەڵ دوکێکــــــدا دەکەن ئاونازنــاوە هەڵــدەگرن]**. بــالمورالە، ســاڵی ١٨٤٦ (( واتە تەمەنی ٤١ ساڵ دەکا)) لەدایکبووە.

بریکـــــاری وەزارەت بـــــووە لەحکـــــومەتە داگیرکارەکەی پێشوو.



باوکیشـــی ڕۆژانێـــک ســـکرتێری کاروبـــاری دەرەوە بـــووە. بـــاش، بەڵام ئەمـــانە هیچـــی نـــاتوانن یـــارمەتی مـــن بـــدەن؛ واطسـۆن ئەبـێ پشـت بەتـۆ ببەستم بۆئەوەی زانیاری زیاترم پێ بدەی.

گـــوتم: ئاســـتەنگیم هـــیچ بۆدروســـت نەبـــوو لەدۆزیـــــنەوەی ئەوەی کەئەمەوێ، ڕاســـــتییەکان هێشـتا نـوێن. ڕام لەسـەری سـەیر بـوو، نەمویسـت

سـەرنجت ڕابکێشـم چـونکە زانـیم لێکـۆڵینەوەی دیــــــــــکەت لەبەردەســــــــــت دایەو حەزت لەخۆهەڵقورتاندن نییە.

- مەبەســــــــتت بــــــار هەڵگری کەرەســــــتەی ناومـــــــــــــــــــــاڵەکەیە؟ بەتەواوی چارەسەرکرا،لەڕاســـتیدا چارەســـەرکردنەکەی هەر لەســـەرەتاوە دیـــاربوو. تکـــایە ئەنجـــامی پێداچونەوەکەتم پێ بڵێ.
- ئەوەتـــا ئەوە یەکەم هەواڵە کەپێـــی گەشـــتم. لەســـتونی کـۆمەڵایەتی ڕۆژنـامەی مۆرنینــگ پۆســـتە، چەنـــد هەفـــتەیەک پـــێش ئێســـتایە، ئەمەش دەقەکەیەتـــی: (( بەپێـــی دەنگۆکـــان بێـــت، ڕێکەوتنـــی هاوســـەرگیری لەنێـــوان لـــۆرد ڕۆبـــرت ســـینت ســـایمۆن، کـــوڕی دووەمـــی دوک بـــالمۆڕال و خـــاتوو هـــاتی دۆران، تـــاقە کچـی بەڕێـز ئالویسـیۆس دۆران لەســـان فرانسیســـکۆ، کالیفۆرنیـــا، ئەمریکـــا کراوە)) . ئەمە هەموو شتێکە.

هـــۆڵمز بەدەم ڕاکێشـــانی قـــاچە لاوازەکـــانییەوە بەرەو ئـــاگردانەکە گـــوتی: ڕاپـــۆرتێکی کـــورتە بەڵام وردە.

- لەهەمـــــان هەفـــــتە لەیەکێـــــک لەوتـــــاری ڕۆژنامەکـــان ئەم بـــــابەتەی بەشـــــێوەیەکی گەورەتر خواردووە. ئەههههه، ئەوەتا:
لەم دوایەدا هـــاواری یارمەتیمـــان لەبـــازاڕی هاوســــــەرگیری بیســــــتووە؛ بەجۆرێـــــک

ئالۆگۆڕی بازرگانی ئازاد کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرهەمی خۆماڵی دروستکردووە، خەریکە یەک لەدوای یەک کارگێڕی خانەی خانەدانەکان دەڕواتە ژێر ڕکێفی کچەکانی مامەکانمان لەلاکەی تری ئەتڵەسی ! لەماوەی هەفتەکانی ڕابردوودا کەسێکی گرنگ بۆلیستی خەڵاتەکان کەیەکێک لەفیشەڵ بازە دڵبەرەکان بردوویانەتەوە زیادکرا، بەجۆرێک لۆرد سێنت سایمۆن کەهەتا بیست ساڵی ڕابردوو ڕێگری خۆی بەرامبەر تیری خۆشەویستی دەردەبڕی کەچی ئێستا بەشێوەیەکی ڕوون هاوسەرگیری بەم زوانەی لەگەڵ خاتوو هاتی دۆران ڕاگەیاند، کەکچێکی شۆخو شەنگی ملیۆنلێرێکی کالیفۆرنیایە.

وە خاتوو دۆران کەبەجوانیەکەی سەرنجی هەموانی ڕاکێشاوە، بیستومانە مارەیەکەی ئەکرێت بگاتە بڕێک کەخۆی لە شەش ژمارە دەنوێنێت، یان زیاتر. لەو نهێنیانەش کەئاشکرابووە لەم چەند ساڵەی دوایدا دوک بالمورال ناچاربووە تابلۆکانی خۆی بفرۆشێت، لەبەرئەوەی لۆرد بالمورال هیچ موڵکێکی تایبەتی نییە، ڕوونە میراتگرە تاقانە ئەمریکیەکە تاکە سودمەندی ئەم نێوەندە نییە کە لەخاتونی یەکێک لەدەوڵەتە

جمهورییەکـــــان ئەبێـــــتە بەخــــــانەدانێکی بەریتانی.

هۆڵمز بەدەم باوێشکەوە گوتی: هیچی تر هەیە؟

- بەڵـــێ زۆر؛ ئەوەهەواڵێکـــی دیـــکەی بچـــوکە لەمۆرنینـــــــگ پۆســـــــتەوە دەڵێــــــــت: هاوســـــەرگیرییەکە بەتەواوی بەشـــــێوەیەکی کــپ لە کەنیســـەی ســێنت جــۆرج لەهــانۆڤەر دەکــرێ، تەنهــا هــاوڕێ نزیکەکــانیش ئامــاددە دەبــن، دواتــر هەمــووان دەگەڕێــنەوە بۆمــاڵە نــوێنەکەی لانکســـتەر کەبەڕێــز ئالویســیوس دۆران چوارشـــــەمەی ڕابــــردوو بەکرێـــــی گرتـــووە، واتە دووڕۆژی تـــر. هەواڵێکـــــی کــورتی دیــکە بــڵاوی کــردۆتەوە دەڵێــت : هاوســـەرگیرییەکە کــراوەو مــانگی هەنگــوینی لەشـــوێنی لـــۆرد بـــاکوتر نزیــک بیترســفیڵد دەبێـــت. ئەوەهەمـــوو دەنگوباســـەکانە پـــێش ونبونی بووک بڵاوکراوەتەوە.
- پێش ونبونی؟!
- پێش ونبونی خاتونەکە.
- کەی ونبوو؟
- سەر لەبەیانی دوای هاوسەرگیرییەکە.
- لەوە بەچێــژ تــرە کەپێشــبینیم دەکــرد، بەڵکــو لەڕاستیدا زۆر سەرنجڕاکێشە.
- بەڵـــێ، ســـەرنجی منیشـــی ڕاکێشـــا چـــونکی کەمێک لەدەرەوەی بابەتێکی ئاساییە.

- بەئاسایی ژنەکان پێش مەراسیمی هاوسەرگیری، یان هەندێک جار لەکاتی مانگی هەنگوینی ونەبن، بەڵام هیچ شتێکی لەم شێوەیەم نەبینیوە.
تکایە وردەکاری زیاترم پێ بڵێ.
- ئاگادارت دەکەمەوە تەواو نییە.
- ئەکرێت کەمێک ڕوونی بکەینەوە.
- دوێنێ لەڕۆژنامەیەکی بەیانیان ئەم وتارە بڵاوبۆتەوە، وەکو خۆی بۆتە خوێنمەوە، ناونیشانەکەی : (( ڕوداوێکی نامۆ لەهاوسەرگیرییەکەی تازە باو( مۆدێل) ))، ئەوەش دەقەکەیەتی:
لەئەنجامی ئەو ڕووداوە دڵتەزێیانەی پەیوەندی بەهاوسەرگیرییەکەی لۆردەوە هەیە، خێزانی لۆرد ڕۆبرت سێنت سایمۆن توشی تۆقانێکی گەورە بوون. هەواڵی هاوسەگیرییەکە کەدوێنی لەڕۆژنامە بڵاوبویەوە کرا. هەرچەندە هاوڕێیان هەوڵێکی زۆریان دا لەپەردە پۆشکردنی بەڵام دەنگۆکان پشت ڕاست کراوەتەوە.، ئەم بابەتە بەجۆرێک ڕای گشتی ڕاکێشاوە کەبۆتە جێگەی باسی ڕۆژ.
بەشێوەیەکی کپ مەراسیمەکە لەکەنیسەی سێنت جۆرج کرا. بێجگە لەباوکی بوک هەریەک لە ئالویسیوس دۆران، دوک بالموراڵ، لۆرد باکوتر، لۆرد یوستیس و

خـــاتوو کـــلارا ســـايمۆن ( خوشـــکو بـــرای بچـــوکی زاوا) هـــيچ کەســـی ديـــکە ئامـــاددە نەببوو، وەخاتو ئاليسيا ويتنگتۆن.

دوای ئـــــاهەنگەکە هەموويـــــان ڕۆشـــــتون بۆمـــــاڵی بەڕێـــــز ئالويســــــيوس دۆران لەلانکستەر بەمەبەستی خوانی بەيانی.

واديـــارە دوای هاوســـەرگيرييەکە ئافرەتێـــک هەوڵـــی پشـــێوی نـــانەوەی داوە بەبيـــانوی ئەوەی مـــافی لەلای لـــۆرد ســـايمۆن هەيە،



دوای دیمەنێکـــی بەئـــازار و درێـــژ گەورەی دەرگـــــاوانو خزمەتکارەکـــــان کـــــردویەتییە دەرەوە.
باشـــبووە پـــێش ئەوڕووداوە بـــوک ڕۆشـــتە ژورەوە بـــۆ خـــوانی بەیـــانی لەگەڵ ئەوانـــی دیـــکە، بەڵام لەپـــڕ بەهـــۆی تێکچـــونی بـــاری تەندروســـتیو نەخۆشـــی ڕۆشـــتۆتە ژورەکەی ، دوای نەهـــاتنەوەیەکی مـــاوە درێـــژ بـــاوکی بەدوایـــــدا ڕۆشـــــتووەو لەدەمـــــی گەورەی خزمەتکارەکـــان زانیـــوێتی بۆچەنـــد ســـاتێکی کەم ڕۆشـــتۆتە ژورەکەیـــو چـــاکەتو کـــڵاوەکەی لەبەرکـــــردووەو بەخێرایـــــی بەرەو ڕاڕەوەکە ڕۆشتووە.
یەکێـــــک لە دەرگاوانەکـــــان گەواهـــــی ئەوەی داوە کە کەســـــێکی لەوشـــــێوەیە بینیـــــوە بەڵام نەیزانیـــوە خـــانمەکەیەتی وایزانیـــوە یەکـــێکە لەمیوانەکان.
ڕاســـــــتەوخۆ پـــــۆلیس ئاگـــــــادارکراوەتەو لێکـــــۆڵینەوەی چـــــڕ دەســـــتی پێکـــــردووە، ئەگەری هەیە کە بەرەو چارەســـەرێکی خێـــرا هەنگـــــاو بنـــــێن. بەهەرحـــــاڵ هەتـــــاوەکو درەنگـــانێکی دوێنـــێ شـــەو هـــیچ هەواڵێکـــی خـــانمەکە دەرنەکەوت، هەنـــدێک دەنگـــۆهەیە کەیـــــارییەکی پـــــیس لەم نێوەنـــــدەدا هەیە، بەجۆرێـــــک دەڵـــــێن تەنـــــانەت پـــــۆلیس ئەوئافرەتەشـــــی دەســـــتگیرکردووە کەســـــەرەتا

پشـــێوێکەی نـــاوەتەوە، پێیـــان وایە بەهـــۆی غیـرە یـان پـاڵنەری دیـکە پەیوەنـدی بەونبـونی خانمەکەوە هەبێ.

- ئەوە هەموشتێکە؟
- بـــابەتێکی دیـــکەی بچـــووک لەیەکێـــک لەڕۆژنامەکـــــانی بەیانیـــــان هەیە، بەڵام یەکلاکەرەوە نییە.
- چییەڵێ؟
- دەڵــێن خــاتوو فلــۆرا میلــی ( ئەوئــافرەتەی پشـــــێوێکەی نـــــایەوە لەســـــــەرەتادا) دەســــــتگیرکراوە، دەرکەوتـــــووە پێشـــــتر ســـەماکەر بـــووەو بۆچەنـــدین ســـاڵ زاواشـــی ناســـــیووە. ئەمە هەمـــــوو شـــــتێکە؛ هـــــیچ وردەکــارییەکی دیــکە نیــیە، بەوشــێوەیەی کەلە ڕۆژنامەکـــان هـــاتووەهەموو وردەکارییەکـــانی کەیسەکەت لەدەستدایە .
- وەکـــــو ئەوەی دەرەکـــــوێ دۆســـــێیەکی زۆر بەجۆشـــو خرۆشـــە، لەدەســـتی خـــۆمم نەدەدا بەهەر نرخێـــک بـــوایە. ئەەەەەە، ئەوە دەنگـــی زەنگـــۆڵەکەیە، مـــادام چەنـــد خولەکێـــک لەچـــوار لایـــداوە بەدڵنیـــاییەوە بریکـــارە خانەدانەکەمـــانە. خەون نەبینـــی بەوەی بـــڕۆی واطسۆن پێم باشترە گەواهییەک هەبێ.

دەرگـــاکەی کـــردەوەو گـــوتی : لـــۆرد ڕۆبـــرت سێنت سایمۆن.

پیاوێکی بەڕێزی لوت باریکی زەر هەڵگەڕای چاو جێگیر خۆی کرد بەژوورا، پیاوێکی متمانە بەخۆ دیاربوو فەرمان دەرکەرێکی زوو جێبەجێکراو بوو. جوڵەکانی خێرابوون بەڵام دیاربوو چوببووە تەمەنەوە، بەدەم ڕۆشتنەوە کەمێک پشتی دانەواند بۆپێشەوە، کڵاوەکەی لەسەری داگرت، پرچێکی خۆڵەمێشی هەبوو. زیاد لەحەد جلەکان جوانبوون، چاکەتێکی یەقەبەرزی کورتی ڕەنگ ڕەشی لەبەربوو، دەسکێشێکی زەرد لەگەڵ پێڵاوێک کەلە پێستێکی نایاب دروستکرابوو، ئەو ڕوپۆشەی



کەلەسەرەوە لەبەری کردبوو ڕەنگێکی کراوەی هەبوو.

بەئەسپایی بەژورەکەدا دەهاتوو دەچوو سەیری چەپو ڕاستی خۆی دەکرد چاویلکەیەکی ئاڵتونی بەدەستی ڕاستی هەڵگرتبوو.

هۆڵمز بەپێوە گوتی: ڕۆژێکی باش، لۆرد سایمۆن. تکایە دانیشە، ئەوەش هاوکارو هاوڕێم واطسۆنە، کەمێک نزیک بەرەوە لەئاگرەکە، بۆئەوەی بتوانین گفتوگۆبکەین.

- بەڕێز هۆڵمز بابەتێکی زۆر دڵتەزێنە بۆمن. زانیومە کەتۆ چەندین دۆسییەی لەم جۆرەت گرتۆتە ئەستۆ گەورەم، پێم وابێت هەمان ئاستی کۆمەڵایەتیان نەبووە.
- بەڵێ، ئێستا بۆپلەیەکی خوارتر هاتومەتە خوارەوە.
- ببورە؟
- کۆتا بریکاری لەم جۆرە دۆسییە پادشابوو.
- اەەەەەە، کێ بوو؟
- پاشای ئەسکەندەنافیا بوو.
- چی ژنەکەی ونکردبوو؟

هۆڵمز بەڕێزەوە گوتی: هەروەک چۆن بەڵێن بەتۆدەدەم دۆسییەکەت بەنهێنی بهێڵمەوە بەوشێوەیەش هەمان بەڵێن بەبریکارەکانی دیکەم دەدەم.

- بێگومـــــان، بەتەواوی ڕاســــتەکەی، ڕاســــتە بەتەواوی. تکـــایە بـــم بەخشــــە. بەلایەنــــی دۆســــییەکەی منیشـــەوە هەر وردەکـــارییەک بمانبـــات بـــۆ چارەســـەرێکی دروســـت ئامـــادەم پێتی بڵێم.
- ســــوپاس هەمــــوو ئەوانەم پێگەشــــتووە کەلە ڕوژنامەکـــان بـــڵاو بـــۆتەوە، ئەتـــوانم ئامـــاژە بەدروستی ونبونی هاوسەرەکەت بکەم.

لـــۆرد ســـایمۆن چـــاوێکی لەوتـــاری ڕۆژنـــامەکە کـــردوو گـــوتی: بەڵـــێ، هەتـــاوەکو ئەوەی پێـــی گەشتون ڕاستە.

- بەڵام وردەکــــــــاریی زۆری کەمە هەتــــــــا کەســـــێک بتوانێـــــت ڕای خــــۆی بەتەواوی لەســـــەری بڵێ،پێشـــم وایە ڕاســـتەوخۆ ئەگەمە ڕاســــــتییەکان ئەگەر دەس بەوەڵامــــــدانەوەت بکەم.
- تکایە، وابکە.
- یەکەمـین جـار کەی بـوو چـاوت بەخـاتو هـاتی دوران کەوت؟
- پێش ساڵێک لە سانفرانسیسکۆ.
- لەگەشتدا بویت بۆویلایەتە یەکگرتووەکان؟
- بەڵێ.
- ئەوکات دەستگیرانداری کرابوو؟
- نا.
- بەڵام لەپەیوەندییدا بوون؟
- دڵخۆشبووم لەگەڵی.

- باوکی دەوڵەمەندە؟
- ئەوترێــت دەوڵەمەنتــرین پیــاوی ڕۆژئــاوای ئەمریکایە.
- پارەکانی چۆن کۆکردۆتەوە؟
- لەکـانەوە، پـێش چەنـد سـاڵێک هیچـی نەبـووە، بەڵام ئـــاڵتونی دۆزیـــیەتەوەو وەبەرهێنـــانی پێکردووەو بەخێرایی گەشەی کردووە.
- بـــاش، ڕای تـــایبەتی تـــۆ چیـــیە لەســـەر ئەم خانمە گەنجە، خێزانەکەت؟

لــۆرد ســایمۆن بەخێرایــی چــاویلکەکەی دەســتی دەجوڵانـــــدوو ســـــەیری خـــــوارەوەی بەرەو ئــاگردانەکە کــردو گــوتی: ژنەکەم پــێش ئەوەی بــاوکی دەوڵەمەنــد بێــت بــوبە بیســـت ســـاڵ، لەومـــاوەییەدا لەڕادەبەدەر لەکەمپـــی کانەکـــانەوە هـــاتوچۆکردووەو بەنێـــو شـــاخو دارســـتانەکاندا گـــــوزەری کـــــــردووە، بـــــۆیە پەروەردەی لەسروشـــتەوە وەرگرتـــووە نەک قوتابخـــانە، لە کــچە بەهێــزو ئازادەکــانە، بەهــیچ دابــونەریتێکەوە نابەســترێتەوە. بــێ بــاکە....... بەڵکــو مەبەســتم یــاخییە، بەخێرایــی بڕیــاردەداتو لەجێبەجێکردنــی ناترســێت. بەڵام نــاوە شـــەرەفمەندانەکەم پـــێ نەئەبەخشی ئەگەر نەمزانیبایە......

بەشـــێوەیەکی خـــانەدانە کۆکیـــو بەردەوامبـــوو: ئەگەر نەمزانیبـــایە کە لە ناخیـــدا ئـــافرەتێکی خــانەدان هەیە، پـێم وابێـت دەتوانێـت بەشـێوەیەکی

گەورە قوربـــــانی بەخـــــۆی بـــــداتو لەهەمـــــوو ئابڕوچونێک دەربازیببێت.

_وێنەیت لایە؟

ملــوانکەیەکی کــردەووە دیــاربوو هەڵــی گرتبــوو بـۆئەوەی پیشـانی ئـێمەی بـدات، وێـنەی ئـافرەتێکی ڕووخســار قەشــەنگی پــرچ ڕەشــی چــاو تــاریکی پــێ پیشـــان دایــن، لێــوێکی ورد لەگەڵ چــاوێکی فــراوان ڕوخســاری داگیـــر کردبـــوو. هــۆڵمز بۆمـــاوەیەکی زۆر چـــاوی لـــێ بڕیبـــوو، دواتـــر ملـــوانکەکەی داخســـتوو گەڕانـــدییەوە بۆلـــۆرد سـایمۆن و گـوتی: کەواتە خـانمەگەنجەکە هــاتووە بۆلەندەن و زیاتر ئاشنابوون؟

- بەڵــێ، بــاوکی هێنــابووی بۆکۆتــا کۆبــونەوەی کـۆمەڵایەتی لەلەنـدەن و چەنـد جارێـک چــاوم پێــی کەوت، دواتــر بــوین بەدەزگیرانــدار. وە ئێستا هاوسەرمە.
- وەکـــو ئەوەی تێگەشـــتبم مـــارەییەکی زۆرت پێشکەش کراوە؟
- مــارەییەکی گونجــاوە، زیــاتر نیــیە لەوەی کەلە خێزانەکەمدا ناسراوە.
- بێگومـــان مـــادام هاوســـەرگیرییەکە کـــراوەو گەڕانەوەی نییە لەگەڵ تۆدا دەمێنێتەوە؟
- لەڕاستیدا پرسیارم لەوبارەیەوە نەکردووە.
- بێگومـــان. ڕۆژێـــک پـــێش هاوســـەرگیرییەکە چاوت بەخاتو دۆران کەوت؟
- بەڵێ.

- لەحاڵەتێکی مەعنەوی باشدا بوو؟
- لەباشـــــترین دابـــــوو، بەردەوام دەربـــــارەی ئەوەی لەژیـــانی داهاتومانـــدا چـــی بکەیـــن قسەی دەکرد.
- بەڕاســـــــت؟ ســـــــەرنج ڕاکێشـــــــە! ئەی سەرلەبەیانی ڕۆژی هاوسەرگیرییەکە؟
- لەوپەڕی کەشـــخەییدا بـــوو، بەلایەنـــی کەمەوە هەتـــــاوەکو مەراســــیمی هاوســـــەرگیرییەکە تەواوبوو.
- هیچ هەستت بەگۆڕان کرد تیایدا؟
- باشـــە، ئەوکـــات یەکەم ئاماژەکـــان هەتـــاوەکو ئێسـتا بینیبێـتم تیایـدا بینـیم ، میزاجـی کەمێـک تونـــد بـــوو، لەگەڵ ئەوەی ڕووداوەکە خـــۆی پڕوپـــوچەو شـــایەنی گێـــڕانەوە نیـــیە، ناکرێـــت پەیوەندەی بەونبونەکەوە هەبێ.
- تکایە بۆمانی بگێڕەوە.
- زۆر گـــــــاڵتە جاڕانەیە؛کاتێـــــــک بەڕاڕەوی کڵێســـەدا دەڕۆشـــتین گـــوڵەکەی دەســـتی کەوت، لەوســـاتەی کەلەنزیکـــی کورســـییەکانی پێشـــەوە دەڕۆشـــتین گـــوڵەکەی کەوتە ســـەر یەکێـــک لەکورســـییەکان. دواکەوتنێکـــی بچـــوک ڕویـــدا، ئەوبەڕێـــزەی لەســـەر کورســـیەکە دانیشـــتبوو گـــوڵەکەی بۆهێنـــایەوە، گوڵەکـــان لەوەنەئەچـــوو هـــیچ زیـــانێکی بەرکەوتبێـــت، بـــێجگە لەوەی کاتێـــک لەســـەری قســـەم لەگەڵیـــدا کـــرد بەوشــــــکی وەڵامـــــی دامەوە، بەهـــــۆی

ئەوڕووداوەوە کاتێـــــک بەگالیســـــــەکەکان دەگەڕاینەوە کاردانەوەی پێوەدیاربوو.

- بەڕاســـت! ئەڵێیــت بەڕێزێـــک لەکورســـی کڵێســـاکەدا دانیشـــتووە، خەڵکـــی گشـــتیش ئامادده ببوو؟
- بەڵــێ، مەحـــاڵە ڕێگریـــان لێـــبکەی کاتێـــک کڵێسا کراوەیە.
- ئەوبەڕێـــزە، یەکێـــک نەبـــوو لەهاوڕێکـــانی خێزانەکەت؟
- نـــا؛ تەنهـــا لەڕوی ئەدەبـــوو ڕێـــزەوە بەوشـــێوەیە بانگی دەکەم،



لەکەسێکی چینی مام ناوەند دەچوو. بەکەمی شێوەیم بۆدەرکەوت....... بەڵام پێم وابێت بەراستی لەبابەتی سەرەکی دووردەکەوینەوە.
- باش، کەواتە خاتوو سایمۆن بەشۆخییەکی کەمتر لەسەرەتا گەڕاوەتەوە، چی کرد کاتێک گەڕایەوە بۆماڵی باوکی؟
- بینیم لەگەڵ خزمەتکارەکەی قسەی دەکرد.
- خزمەتکارەکەی کێیە؟
- ناوی ئالیسایە، ئەمریکیە لەکالیفۆرنیا لەگەڵی هاتووە.
- ئەم خزمەتکارە جێگەی متمانەی هاوسەرەکەتە؟
- کەمێک لەرادەبەدەر، مافێکی زۆری پێداوە، لەبیری نەکەی ئەوان لەئەمریکا بەشێوەیەکی جیاوازتر لەم بابەتانە دەڕوانن.
- گفتوگۆکەی چەندی خایاند لەگەڵ خزمەتکارەکەی؟
- چەند خولەکێکی کەم، لەوکاتەدا بیرم بەشتێکی دیکە سەرقاڵ بوو.
- گوێت لەقسەکانیان نەبوو؟
- گوێم لێبوو دەیگوت بازدان بەسەر مافدا، ئەوراهاتووە لەسەر ئەوەی شێوەزاری گشتی بەکاربێنێت، هیج بیرۆکەیەکم نییە ئاخۆ ئەبێ مەبەستی چی بوبێت.

- زاری ئەمریکی بەگشتی هەندێک جار زۆر دەربڕە، ژنەکەت دوای تەواوبونی قسەکانی لەگەڵ خزمەتکارەکەی چیکرد؟
- ڕۆشت بۆ ژوری نانی بەیانی.
- قۆڵی گرتبووی؟
- نا، بەڵکو بەتەنها؛ حەزی لێبوو لەم شتە بچووکانە بەسەربەخۆی ڕەفتار بکات.
- بەخێرایی نزیکەی دەخولەک شتێکی لەوبابەتە هەستا، هەندێک وشەی لێبوردنی گوتو لەژورەکە ڕۆشت، جارێکی دیکە نەگەڕایەوە.
- بەڵام،وەکو ئەوەی تێگەشتبم لەگەواهیەکەی ئاڵیسادا گوتویەتی کەوا بەچاکەتێکی فراوان جلە بوکێنیەکەی داپۆشیوەو بەڕووپۆشێکیش سەری داپۆشیوەو دەرچووە.
- بەتەواوی، دواتر لەگەڵ فلۆرا میلر لەباخچەی هاید پارک بینراوە، کەئێستا قۆڵبەست کراوە، هەر ئەو خۆی بەیانییەکەی هەڵی کوتاوەتە سەرماڵەکەی بەڕێز دۆران.
- بەڵێ، ئەمەوێ وردەکاری زیاتر لەسەر تۆو ئەوخاتونە بزانم.

لۆرد سایمۆن شانەکانی هەڵتەکاندوو برۆکانی بەرز کردەوەو گوتی: پێش چەند ساڵێک پەیوەندیەکی دۆستانەمان پێکەوە هەبوو، زۆر دۆستانە،ڕەزیل نەبووم بەرامبەری. هیچ

هۆکارێکی ڕوونی نییە بۆئەوەی سکاڵام لەدژ تۆماربکا، بەڵام بەڕێز هۆڵمز سروشتی ئافرەت پێ دەزانی. فلۆرا ئافرەتێکی باشبوو بەڵام زوو کاردانەوە بوو، زۆر خۆی پێم دەبەستەوە، تەنانەت کاتێک زانی هاوسەرگیرییەکەم نزیک بۆتەوە نامەی زۆر خراپی بۆنوسیم. لەڕاستیدا لەترسی نانەوەی ئاژاوەیەک لەکڵێسا هۆکاری ئەوەبوو بەبێ دەنگی هاوسەرگیرییەکەم بکەم، بەڵام ڕاستەوخۆ دوای هاتنەوەمان لەکڵێسا ویستبووی خۆی بکا بەماڵەکەی بڕێز دۆران لەگەڵ ئەوەی چەندین وشەی ناشیاوی بەکارهێنابوو تەنانەت هەڕەشەی لەژنەکەشم کردبووو! پێشبینی ڕووداوێکی لەوشێوەیەم کردبوو بۆیە دووپاسەوانم بەجلوبەرگی مەدەنی هێنابوو، دەریان کرد، دوای ئەوەی زانیبووی شەڕکردن هیچ سوودی نییە؛ کەمێک هێورببوو وە.

- ژنەکەت هیچ گوێبیستی ئەوانە نەبوو؟
- نا، سوپاس بۆخودا گوێی لێ نەبوو.
- بەڵام دواتر لەگەڵ ئافرەتەکە بینراوە.
- بەڵێ، پشکنەر لیستراديش بەمەترسییەکی گەورەی دادەنێت، پێی وایە فلۆر بەفێڵ ژنەکەمی هێنابێتەوە دەرەوەو دواتر تەڵەیەکی خراپی بۆنابێتەوە.
- گریمانەیەکی ماقولانەیە.
- تۆش پێت وایە؟

- نەمگوت ئەگەری هەیە، بەڵام پێت وانیە قبوڵی باوەڕپێکردن بێت؟
- پێم وانیە فلۆر توانای ئازاردانی مێرولەیەکیشی هەبێت.
- لەگەڵ ئەوەش غیرە کاری خۆی لەسەر کەسایەتی دەکات، تکایە ڕای خۆتم لەسەر ڕووداوەکە پێ بڵێ؟
- باشە، هاتووم بۆئێرە بەدوای دیدگایەک نەک پێشنیازێک ، هەموو ڕاستییەکانیشم پێ وتیت، بەڵام بەهەرحاڵ مادام تۆ پرسیارت لێ کردم ئەوەبەبیرمدا هات کە سەرکێشی هاوەڵی هاوسەرگیرییە لەگەڵ ئەوبازدانە کۆمەڵایەتییەی هاوسەرەکەم ئەکرێت توشی هەندێک شەڵەژانی عەصەبی کردبێت [ وشەیەکی گونجاوم بۆ وشەی عصبی یەکە نەبینیوە بۆیە پێم باشتر بوو هەروشەکەی خۆی بەکاربێنم، وەرگێڕ].
- بەکورتییەکەی پێت وایە توشی تێکچونێکی عەقڵی لەناکاو بوبێت؟
- لەڕاستیدا کاتێک بیرلەوە دەکەمەوە کەئەو بەجێی....... ناڵێم منی بەجێهێشتووە، خەڵکێکی زۆر ئەیانویست ئەوبەدەست بێنن بەڵام سەرکەوتونەبوون..... هیچ ڕوونکردنەوەیەکی تر شک نابەم.

هۆڵمز بەخەندەیەکەوە گوتی: پێشبینیەکی ماقوڵە. پێم وابێت هەموو زانیارییەکانم بەدەست هێناوە لۆرد سایمۆن، بەڵام یەک پرسیاری دیکەت لێ دەکەم: لەسەر مێزی نان خواردنەکەوە ئەتان توانی ڕێگای دەرەوە ببینن؟

- ئەمانتوانی لایەکی پارکەکەو ڕێگاکە ببینین.
- چاکە، پێم وابێت پێویست ناکا لەوە زیاتر دوات بخەم، لەپەیوەندیدا دەبم.

بریکارەکەمان بەوەستاوییەوە گوتی: بەخت یاوەرت ئەبێت ئەم بێ ئۆقرەییە چارە بکەی؟

- چارەسەرمکرد.
- چیت گوت؟!
- ئەڵێم گەشتمە چارەسەرێک.
- کەواتە ژنەکەم لەکوێیە؟
- بەدڵنیاییەوە زانیارییەکانت پێ دەگەیەنم.

لۆرد سایمۆن سەری ڕاوەشاندوو گوتی: ئەترسم بابەتەکە داناییەکی لەمنو تۆ زیاتر هەڵگرێ.

دواتر بەشێوازە خانەدانییەکەی چەمییەوەو ڕۆشت.

هۆڵمز پێکەنیو بەتەنزێکەوە گوتی: لۆرد سایمۆن گەورەیی کردوو ئەقڵی منو خۆی خستە یەک ئاستەوە! باشە، پێش ئەوەی بریکارەکەمان خۆی بەژورەوە بکا گەشتبوومە ڕایی کۆتایی لەسەر دۆسێیەکە.

- چی؟!
- چەنـــدین تۆمـــاری دۆســـییەی لەم شـــێوەم لایە، پێشـــــتر بەخێراییەکـــــی لەم شــــێوەیە بـــــڵاو نەبــــــوەتەوە، وەڵامەکـــــانی یـــــارمەتی دام پێشبینییەکانم بگۆڕم بۆڕاستی.
- بەڵام منــیش هەمـــان شـــتم گـــوێ لێبووکەتـــۆ گوێت لێ بوو.
- بەبـــــێ ئەوەی ئەزمونــــــت لەدۆســــــییەی هاوشــــێوەی لەم شـــــێوەببێت، ئەوەش ئەوەیە کەســـودی پـــێ گەیانـــدم. پـــێش چەنـــد ســـاڵێک لەئەبەردیـــن دۆســـییەکی لەم شـــێوە هەبـــوو، لەوســـاڵەی کەجەنگـــی فەڕەنســـای بروســـی کـــرا دۆســـــییەکی دەقـــاودەق لەم شـــێوەیە هەبـــوو. یەکـــــێکە لەودۆســـــێیانەی............، اەەەەەەە، ئەوە لیسترادە.

پشــــــکنەر بەچـــــاکەتێکی کورتـــــو بۆینبـــــاخێکی دەریـــاوانی خـــۆی کـــرد بەژورا، شـــێوەی ئەوانـــی گرتبـــوو. جانتـــایەکی ڕەشـــی قوماشـــی بەدەســـتییەوە بوو، دوای سڵاوکردن دانیشت.

هـــۆڵمز بەچـــاوێکی درەوشـــاوەوە لێـــی پرســـی: چییە؟ بێزار دیاری.

- هەســــــت بەبێزارییەکـــــــی زۆرەکەم، کەیســـــــە ناخۆشـــەکەی لۆردســـایمۆنە، نـــاتوانم هیچـــی لـــێ تێبگەم.
- بەڕاست ؟سەرسامم دەکەی!

- پێموانییەپێشــتر هــیچ کەســێک دۆســێییەکی بەم ئـــاڵۆزییە بینیبێــت، هەرکەئەگەمە بەڵـــگەیەک لەچــنگم ڕادەکــا. بەدرێژایـــی کــاری لەســـەر دەکەم!

هــۆڵمز دەســـتی لەچـــاکەتەکەی داوگـــوتی: دیـــارە بەهۆیەوە زۆر تەڕبویت.

-بەڵــــێ خەریکـــــی گەڕان بـــــووم لەدەریـــــاچەی سیربنتین.

- بۆچی؟!
- بەدوای جەستەی خاتوو سایمۆن.

هـــــۆڵمز بەقاقـــــایەکەوە لەســــــەر کورســــــییەکەی ڕۆشــتە دواوەو دواتــر پرســـی: لەحەوزی مەیــدانی ترافلگار گەڕاوی؟

- بۆچی؟ مەبەستت چییە؟
- لەبەرئەوەی هەلــــت لەدۆزیـــــنەوەی خـــــاتوون لەیەکێـــــــک لەشــــــــوێنەکان نمـــــــــوونەی دۆزینەوەیەتی لەشوێنێکی دیکە.

لیســتراد بەتــوڕەییەوە ڕوانیــیە هــاوڕێکەمو گــوتی: واتە هەموو شتێک دەربارەی دەزانی؟

ئێستا هەموویم زانی، بەڵام گەشتمەچارەسەر.

بەڕاســــت؟!پێت وایە دەریـــاچەی ســـیربنتین هـــیچ پێوەندییەکی بەباتەکەوە نییە؟

- پێم وابێت دوورە.

- کەواتە ئەتـوانی بـۆم ڕوون بکەیـتەوە ئەمـانەم چۆن دوزیوەتەوە.

دواتـــر جانتـــاکەی کـــردەوەو جلێکـــی بـــوکێنی ئاوریشـــم لەگەڵ جوتێـــک پـــێڵاوی ســـپی لەســـەر زەویـــیەکە دانـــا لەگەڵ چەپکێـــک گوڵـــو تـــارا، گوتی: ئا، ئەوەتا.



دواتـــر لەســـەر هەمـــویەوە ئەڵقەیەکـــی نـــوێی هاوســـەرگیری دانـــاو گـــوتی: ئەو ئـــاژاوەیە چارەسەر بکە بەڕێز هۆڵمز.

هـــــــاوڕێکەم بەدەم بڵاوکـــــــردنەوەی دوکەڵ لەســـەبیڵەکەیەوە گـــوتی: ئەهەهە، بەڕاســـت! ئەم شتانەتان لەدەریاچەی سیربنتین دەرهێناوە؟

- نـــا، بەڵکـــو پاســـەوانی بـــاخچەکە لەنزیـــک دەریـــــاچەکە دۆزییەتیـــــیەوە، جلەکـــــان

ناسراوەتەوەو دڵنیا کراوەتەوە کەمۆڵکی خاتوو سایمۆنە. دواتر بیرم کردەوە مادام جلەکانی لێرە بێت ئەکرێت جەستەشی دوورنەبێت.

- بەپێی ئەم پێشبینیە زیرەکانەت بێت ئەبێت جەستەی هەر کەسێک لەتەنیشت دۆلابەکەی بدۆزینەوە. تکایە پێم بڵێ ئەتویست بگەی بەچی؟
- بەڵگەیەک کەفلۆرا میلر تێوە بگلێنێت.
- هەستەکەم توشی ئاستەم بوبێتی بۆئەوە.

لیستراد هاواری کردوو گوتی: بەڕاستی بیرو بۆچۆنت بەوشێوەیە؟ هۆڵمز پێم وابێت وردبینیت بۆشیکردنەوەو ئەنجامەکانت بەباشی نەکردووە، هەڵەیەکی گەورەت کردووە، چونکە ئەم جلانە فلۆرا میلر تێوە دەگلێنێت.

- چۆن؟
- جلەکە گیرفانی هەیە، لەگیرفانیشیدا سندوقێکی کارتی لێبووە، لەناو سندوقەکەش نامەیەکی بچوکی تێدایە، ئەوەتا.

دواتر بەتوندییەوە لەسەر مێزەکە دایناو گوتی: گوێ لەمەبگرن: (( چاومان بەیەکدی دەکەوێ، کاتێک هەموو شتێک ئامادە دەبێت. یەکسەر وەرە. ف.م)). هەرلەسەرەتاوە ڕای خۆم گوت لەسەری کەوا فلۆرا دەستی لەونبونی بوکەکە هەیە بەیارمەتی کەسێکی دیکە. ئەمنامە بچوکەش بەناوی ئەوەوە ئیمزا کراوە، لەبەردەم

دەرگا لەچنگی ناوەو بەوشێوەیە خستویەتیە ژێر چنگی خۆی .

هۆڵمز بەپێکەنییەوە: زۆر نایابە لیستراد، بەڕاستی نایابە، باچاوێکی لێکەم.

هۆڵمز بەتەمەڵییەکەوە کاغەزەکەی برد، بەڵام هەرزوو هاواری ڕازی بوونی دەرکردو کاغەزەکە سەرنجی ڕاکێشا، گوتی: ئەمە لەوپەڕی گرنگیدایە!

- وای ئەبینی؟



- زۆر، بەگەرمی پیرۆزباییت لێ دەکەم.

- لیســـــتراد هەســـــتاو هەســـــتی بەســـــەرکەوتن دەکــرد، ســەری چەمانــدەوە بــۆئەوەی چــاوێکی لـــــێ بکـــا، بەڵام هـــاواری کـــردوو گـــوتی: ئەوەچییــیە؟! تۆســـەیری لا پـــێچەوانەکە دەکەی !
- هەرگییز، بەڵکو لاڕاستەکەیە..
- لاڕاســـــتەکە؟! تۆشـــــێتی! نـــــامە لەمـــــلایەوە بەقەڵەمی ڕەساس نوسراوە!
- لێـــــرە لەم لایەدا وادیـــــارە وەســـــڵی یەکێـــــک لەهۆتیلەکانە، ئەوەیە سەرنجی ڕاکێشاوم.

لیسـتراد گـوتی: شـتێکی گرنگـی تێـدا نیـیە، پێشـتر بینیـــومە: (( چـــواری تشـــرینی یەکەم، مـــانەوە هەشـت شـڵ، نـانی بەیـانی دوو شـڵ، نـانی نیـوەڕۆ، دوو شڵ)). هیچ گرنگییەکی تێدا نابینم.

- لەوەیە تێـــــــــــنەگەی، لەگەڵ لەڕادەبەدەر زۆر گـــرنگە. بەلایەنـــی کەمەوە پیتەکـــانی ســـەرەتا. جارێکی دیکە پیرۆزباییت لێ دەکەم.

لیسـتراد بەپێـوە گـوتی: ئەوەنـدەی بەس بیـت کـاتم بەفیـڕۆ دا، بـڕوام بەهەوڵـو کۆششـە نەک دانیشـتن لەبەردەم ئـــاگردانو پێـــدانی ڕا. هیـــوای ڕۆژێکـــی خۆشـــت بۆدەخـــوازم بەڕێـــز هـــۆڵمز ، بـــاببینین کامـــان یەکەم جـــار دەگەیـــن بەچارەســـەری ئەم دۆسییە.

دواتـر جلەکـانی کـۆکردەوەو لەنـاو جانتـاکەی نـاو بەرەو دەرگـــاکە ڕۆشـــت، پـــێش ئەوەی بـــڕوا

هـــۆڵمز گـــوتی: یەک شـــتت پـــێ دەڵـــێم لیســـتراد چارەســـەری دروســـتی دۆســـییەکەت پـــێ دەڵـــێم، خـــــاتوو ســـــایمۆن خـــــورافەیە، هـــــیچ نـــــاوێکی لەوشێوەیە نەبووەو نییە.

لیســـتراد بەخەمبـــارییەوە چـــاوێکی لەهـــاوڕێکەم کـــرد، ســـەری ڕاوەشـــاندوو بەخێرایـــی ڕۆشـــتە درەوە.

دەرگـــاکە هێشـــتا دانەخرابـــوو هـــۆڵمز هەســـتاو چـــاکەتەکەی لەبەرکـــرد، گـــوتی: لەبـــارەی کـــاری مەیـــدانییەوە ڕاســـتی کـــرد، بۆمـــاوەیەک لەگەڵ کاغەزەکان بەجێت دەهێڵم واطسۆن.

هـــۆڵمز دوای کـــاتژمێر پێـــنچ دەرچـــوو، ئەوەنـــدەی کـــات نەمـــابوو بـــۆئەوەی هەســـت بە تەنهـــایی بـــکەم ، لەمـــاوەی کاتژمێرێکـــدا خـــاوەن چێشـــت خـــانەکە بەســـندوقێکی لاکێشـــەیوە گەشـــت. ســـندوقێکی زۆر گەورە بـــوو بەیـــارمەتی ئەو کـــوڕەی لەگەڵ خـــۆی هێنابوی توانیم بەتاڵی بکەم.

سەرســـــامی غەرقـــــی کردبـــــووم کاتێـــــک بینـــــیم مێزەکەیـــان بەخـــوانی بەلەزەت ڕازانـــدبوویانەوە، دوو دەفـــری گەورەی گۆشـــتی مریشـــکو جـــگەری قـــازو لەگەڵ چەنـــدین جـــۆر مـــوقەبیلات. هیچیـــان بـــێ ئەوەی ڕوونکـــردنەوەیەک بـــدەن گوتیـــان: پـــێم وتـــراوە بیهێنـــین بـــۆئەم ناونیشـــانەو پارەکەشـــی دراوە، ڕۆشتن.

کەمێک پێش کاتژمێرنۆ شێرلۆک بەگوڕ تینێکەوە خۆی وەژوور کرد، سەڕەرای ئەوەی جدیات بەڕوخسارییەوە بوو، بەڵام لەدرەوشاوی چاوەکانی زانیم بێهیوا نەبووەو گەشتۆتە ئەنجامێک.

دەستی وەکو ئەوەی خۆی گەرم بکاتەوە بەیکداداو گوتی: کەواتە خواردیان دروستکرد؟

- وادیارە چاوەڕێی میوان دەکەی، مێزیان بۆپێنج کەس ئامادە کردووە.
- بەڵێ، پێم وابێت هەندێک هاوەڵمان دەبێت، بەڵام سەرم سوڕماوە لۆرد سایمۆن هێشتا نەگەشتووە! اەەە، پێم وابێ دەنگی پێیەکانی لەسەر پلیکانەکان دەبیستم .

بەڕاستی ئە وبوو بەخێرایی خۆی بەژورداکرد لەپێشتر زیاتر چاویلکەکانی دەجوڵاند، ڕووە ئەرستۆقڕاتییەکەی بە نیگەرانییەکی زۆرەوە داپۆشرابوو.

هۆڵمز لێی پرسی: کەواتە نامەکەمت پێ گەشتووە؟

- بەڵی،دانی پێدا دەنێم کە ئەوەی نوسیبووت بەشێوەیەکی وەسف نەکراو تۆقاندمی، دڵنیایی لەوەی کەدەیڵێی؟
- زۆریش.

لۆرد سایمۆن لەسەرکورسییەکە دانیشتوو دەستی بەتوێڵیدا دەهینا، دواتر مینگەمینگێکی

کـردوو گـوتی: دۆک چـیە ڵـێ کاتێـک ئەبیسـتێ کە یەکێـــک لەئەنـــدامانی خێـــزانەکەی تووشـــی زەبونییەکی لەم شێوە بووە؟

-ڕێکەوتە، پێم وانییە زەبوونی بێت.

- تۆبەشێوەیەکی جیاواز لێی دەڕوانی.

- نـــاتوانم لـــۆمەی کەس بـــکەم لەم حاڵەمانـــدا، ناشـــبینم خـــاتوون تـــوانیبێتی بەوشـــێوە ڕفتـــار بکـــا جیـــاواز لەوەی تـــۆکردوتە، ســـەڕەڕای ئەوەی ڕێگـــای ئەنجامـــدانی ڕێگـــایەکی ڕەق بـــووە. بەڵام لەبەرئەوەی دایکـــی نیـــیە کەســـی نەدۆزییـــوەتەوە کە ئامۆژگـــــاری بکـــــا لەبـــــارودۆخێکی لەم ئاستەمەدا.

لـــۆرد ســـایمۆن پەنجەکـــانی لەســـەر مێـــزەکە دەجوڵانـــدوو گـــوتی: ئیهـــانەیە گەورەم، ئیهـــانەیەکی گەورە.

- ئەبـــێ لەم ئـــافرەتە بێچـــارە خۆشـــبی،خۆی لەبارودۆخێکدا بینیوەتەو کەهاوشێوەی نییە.
- هەرگیـــز لێـــی خۆشـــنابم، بەڵـــک لەڕاســـتیدا زۆر تـــــوڕەم، بەشـــــێوەیەکی ســـــووک بەکارهێنراوم.

هـــۆڵمز گـــوتی: وابـــزانم گـــوێم لەدەنگـــی زەنگـۆڵەکەیە. بەڵـێ، هەنگـاو لەسـەر پلیکانەکـانە، لەبەرئەوەی نەمتـــوانی بەئاســـانی قایلـــت بـــکەم – لـۆرد سـایمۆن- کەسـێم هێنـاوە لەوەیە لەمـن باشـتر قایلت بکا.

دەرگــاکەی کــردەوەو خانمێــک بەڕێزێــک هــاتنە ژوورەوە، گــوتی: ڕێــگەم بە بەڕێــز فرانســیس مۆڵتـۆن و هاوسـەرەکەیت پـێ بناسـێنم، پـێم وابێـت پێشر خانمەکەت بینیوە.

هەرکە میوانەکەمـــــــــان هـــــــــــاتە ژورەوە بریکارەکەمـــان هەســتا، نیگــای بەرەو خــواررەو کــردوو دەســتەکانی لەنــاو چــاکەتە درێـژەکەی نــا وەکـــو وێـــنەی ڕۆج بەبەرکراوێکـــی برینـــدار. خــاتونەکە هــاتە پێشــەوەو دەســتی بــۆدرێژ کــرد، بەڵام ڕەتـــی کـــردەوە لێـــی بڕوانـــێ، لەوەیە ئەوەی لەبەر ئەوە کردبێـــــت کەخـــــۆی لەبەرامــــبەر ڕووخسارە پاڕانەوەکەیدا بگرێت.

خــانمەکە: تـۆ تـوڕەی ڕۆبـرت، باشــە، پـێم وابێـت مافی خۆتە.

لـــــۆرد بەتــــــاڵییەکەوە گــــــوتی : بەهـــــــانەم بۆمەهێنەرەوە.

- ئەزانــم بەشــێوەیەکی خــراپ مــامەڵەم لەگەڵ کــردی ئەبــوایە پــێش ڕۆشــتنم قســەم لەگەڵ کردبــــای، بەڵام شـــــڵەژاوبووم، لەوســــاتەی کەفــرانکم ( ئەوپیــاوەی کەلەگەڵیەتـــی) بینـــی پەیـم بەوەنەبـرد چییەڵێمـو چـیەکەم، تەنـانەت ســـەرم لەوەش ســـوڕمابوو چـــۆن لەکڵێســـا لەهۆش خۆم نەچووم.

هـۆڵمز پرســی: خــاتوو مۆڵتـۆن پێـت باشــه منــو هـــــاوڕێکەم لەژوورەکە بـــــڕۆین بـــۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر بۆی ڕوون بکەیتەوە؟

بەڕێــزە نــامۆکە: ئەگەر ڕای منتــان دەوێ پــێم وابێــت بــابەتەکە ســنوری تێپەڕانــدووە، لەلایەنــی مــنەوە ئەمەوێــت هەمــوو ئەوروپــاو ئەمریکــا ڕاستییەکە بزانن.

گەنجێکـــــی لەڕوو لاوازبــــوو، ڕووخســــارێکی تیژوو ڕەفتارێکی تیژ ڕەوانەی هەبوو.



خـــــاتونەکە گـــــوتی: بەســـــەرهاتی خۆمتـــــان بــۆدەگێڕمەوە، چــاوم بەفرانــــک کەوت لەســـاڵی ١٨٨٤ لەچــادرگەی مــاکوێر نزیـــک ڕۆکـــی، لەوێـدا کەبـاوکم پـارچەیەک زەوی هەبـوو بەدوای ئاڵتونــــدا دەگەڕا. منــــو فرانـــــک بـــووین بەدەزگیران،ڕۆژێــک بــاوکم پــارچەیەک ئــاڵتونی

دۆزیـــیەوە پێـــی دەوڵەمەنـــدبوو، فرانکـــی بێچـــارە لەزەویـــیەکەی هیچـــی نەدۆزیـــیەوە. بەم شـــێوەیە هەتـــا بـــاوکم دەوڵەمەنتـــر دەبـــوو فرانـــک هەژارتـــر، بەم شـــــــێوەیە بـــــــاوکم دەزگیرانـــــــدارییەکەی هەڵوەشاندەوەو بردمی بۆسانفرانسیسکۆ.

بەڵام فرانـــــــک کـــــــۆڵی نەداو وەدووم کەوت بۆسانفرانسیســـکۆ چـــاوی بەمـــن کەوت بەبـــێ ئەوەی بـــاوکم بزانـــێ، ئەگەر بیزانتـــایە شـــێت دەبـــوو. بەم شـــێویە هەمـــوو شـــتێکمان ڕێـــک خســـتبوو، فرانـــک گـــوتی دەڕواتـــو بەدوای ســـەروەتێک دەگەڕێـــو هەتـــاوەکو وەکـــو بـــاوکم دەوڵەمەنـــد نەبـــێ نەگەڕێـــتەوە. بەڵێـــنم پێـــدا بۆهەمیشـــــە چـــــاوەڕێی بکەمـــــو هەتـــــاوەکو ئەولەژیانـــدا بێـــت هـــاوژینی لەگەڵ کەســـی دیـــکە نەکەم، پێـــــی گـــــوتم : بـــــۆچی هەرئێســـــتا هاوســـــەرگیریت لەگەڵ نەکەم بـــۆئەوەی دڵنیـــا بـــبمەوە لێـــت؟ وەکـــو مـــافی مێـــرد داوات نـــاکەم هەتاوەکو نەگەڕێمەوە.

باشـــە، هەمووشـــتێکی بەجـــوانی ڕێکخســـتبوو، بەبـــوونی قەشـــەیەک لەوێـــدا کردمـــان، دواتـــر فرانـــک ڕۆشـــت بەدوای ســـەروەتەکەیداو منـــیش گەڕامەوە بـــۆلای بـــاوکم. دواتـــر بیســـتم فرانـــک لەمۆنتانـــــایە، دواتـــــریش بەدوای شـــــوێنەوار کەوتـــــووە لەئەریزۆنـــــا، دواتـــــر هەواڵـــــیم لەنیومەکســـیکۆ بیســـت. دواتـــر هەواڵێکـــی درێـــژ دەربـــارەی هێرشـــی هینـــدیەکانی ئاپـــاچی بۆســـەر

چادرگەکانی شوێنەوار بڵاوبوویەوە. ناوی فرانکی خۆشەویستم لەنێو کوژراوەکاندا بوو، کاریگەرییەکی تاڵی بەسەردا جێ هێشتموو بۆچەندین مانگ نەخۆش کەوتم باوکم بردمی بۆنیوەی دکتۆرەکانی شار.

هەتاوەکو ساڵێک زیاتر هیچ هەواڵێکم پێ نەگەشت، گومانم لەوەنەبوو کەفرانک مردووە. دواتر لۆرد سایمۆن هات بۆسانفرانسیسکۆ، دواتریش هاتین بۆلەندەنو هاوسەرگیرییەکە ڕێکخرا، باوکم زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام بەدرێژایی کات هەستمەکرد لەدڵمدا کەس جێگای فرانکی ئازیزم بۆناگرێتەوە .

لەگەڵ ئەوشدا هاوسەرگیریم لەگەڵ لۆردا بکردایە ئەرکی خۆم وەک هاوسەرێک بەجێ دەگەیاند، ئێمە ناتوانین کۆنترۆڵی دڵمان بکەین بەڵام دەتوانین کۆنترۆڵی ڕەفتارمان بکەین، بەوشێوەیە ڕۆشتم بۆکڵێسا بۆئەوەی بڵێم بەڵێ ڕازیم ببم بەژنی، ناتوانن وێنای بکەن هەستم چۆنبوو کاتێک فرانکم لەڕیزی پێشەوەی کورسییەکان بینی!

لەسەرەتادا وامزانی ڕۆحە، بەڵام کاتێک دووبارە سەیرم کرد بینم هێشتا لەوێدایەو پرسیار لەچاوانیدایە، وەکو ئەوەی بڵێ ئاخۆ دڵخۆشە بەبینینم یان بەداخم بۆبینینی! سەرم سوڕماوە لەنەکەوتنم لەوکاتەدا، هەموو شتێک وەکو سەرەسوڕەیەک دەسوڕایەوە، قسەکانی

قەشــــە وەكـــو گيـــزە گيـــزی مێشـــولە وابـــوون لەگوێمـــــدا، نەمئەزانـــــی چيـــبكەم...... ئەبـــێ مەراسيمەكەبشـــێوێنمو ئـــاژاوەيەک بەرپـــا بـــكەم لەكڵێسا؟

جـارێكی ديـكە لـێم ڕوانـی، ديـاربوو ئەيزانـی بيـر لەچيـيەكەمەوە پەنـچەی بۆلێوەكـانی بـرد بـۆئەوەی پـێم بڵـێ لەشـوێنی خـۆم بمێـنمەوەو هـيچ نەكەم. دواتــر بينـيم بەخێرايـی نـامەم بۆدەنوسـێ لەسـەر پـارچە كاغازێــک، كاتێــک بەلای كورسـييەكەيدا تێـــپەڕيم گـــوڵەكەم لەدەســـت كەوتەخـــوارەوە، كاتێــک گــوڵەكەی بۆهێنــامەوە نـامەكەی لەدەسـتم نـا. نـامەيەكی كـورت بـوو داوای لێكـردم كاتێـک ئامـــاژەم بۆدەكـــا هاوبەشـــی بـــكەم ، بێگومـــان گومـانم نەبـوو ئەركـی يەكەمـم بەرامـبەری تەواو كـردووە، بـۆيە بڕيـارم دا بوشـێوەيە ڕەفتـار بـكەم كەئەو دەيڵێ.

كاتێــک گەڕامەوە بەخزمەتكــارەكەم گــوت بەبــێ ئەوەی كەس هەســـت بەهـــيچ بكـــا هەنـــدێک جلـــــوبەرگم بـــــۆبپێچێتەوەو چاكەتەكەيشـــــم بۆحازربكـا. ئەزانـم ئەبـوايە لەگەڵ لۆردسـايمۆن قسەم بكردايە.

بەڵام زۆر قـــورس بـــوو لەبەردەم بـــاوكيو ئەوهەمـــوو ميـــوانە گەورانە، ڕام لەســـەر ئەوە جێگيربـــوو ئەبـــێ ســـەرەتا ڕابـــكەم دوای ڕوونكردنەوە بدەم.

زیاتر لەدە خولەک نەمامەوە کاتێک فرانک لەپەنچەرەکەوە ئاماژەی بۆکردم، دواتریش بەرەو پارکەکە ملی نا، وەدوی کەوتمو چاکەتێکی فراوانم لەبەرکرد. ئافرەتێک هات بۆئەوەی لەبارەی لۆرد سایمۆنەوە قسەم لەگەڵ بکا، وەکو ئەوەی گوێم لێبوو ئەویش نهێنیەکی بچوکی هەیە کە شاردویەتییەوە، بەڵام توانیم خۆم لێی دەرباز بکەمو بڕۆم بۆلای فرانک، گالیسکەیەکمان بەکرێ گرتوو ڕۆشتین بۆشوێنی نیشتەجێبونەکەی لەمەیدانی گۆردۆن



کەبەکرێی گرتبوو. ئەوە هاوسەرگیرییە ڕاستەقینەکەم بوو دوای چەند ساڵ چاوەڕوانی.

فرانــــک زینـــدانی بـــوو لەلایەن ئەپاچییەکـــانەوە، دواتـــــــــر ڕای کـــــــــــردووەو گەڕاوەتەوە بۆسانفرانسیســیکۆ و زانیــوێتی خــۆم بــۆمردنەکەی داوەتە دەســـــتەوەو ڕۆشـــتوم بـــۆئینگلتەرا، دوای ئەوەی هەواڵـــــی هاوســـــەرگیرییەکەی لەیەکێـــــک لەڕۆژنامەکـــان خوێنـــدبوەوە وەدوم کەوتبـــوو، لەســــەرلەبەیانی ڕۆژی هاوســــەرگیری دووەمـــم دووبارە چاومان بەیەکدی کەوت.

دواتــر قســەمان کــرد ئەبــێ چیبکەین، ڕای فرانــک بـــوو کەڕووبەڕوی ببیـــــنەوە، بەڵام شــــــەرمم لەکــارەکەمم دەکــردو ویســتم لەبەر چــاوی هەمــوان ونـــبم. لەوەیە نـــامەیەکم بۆبـــاوکم بنـــاردایە تەنهـــا بــۆئەوەی بزانێــت کەزینــدووم، زۆر ئــاڵۆزانە بــوو بیـــر لەوهەمــــوو لـــۆردو خانمـــانە بـــکەمەوە کە لەسەر مێزی نانی بەیانی لەچاوەڕوانیمدان.

بـــۆیە فرانـــک جلـــوبەگی هاوســـــەرگیرییەکەی بــردوو دوور فــڕەی دا بــۆئەوەی کەس شــوێنم پــی نەزانێ.

ئەگەر ئەم بەڕێــزە شــێرلۆک هــۆڵمز ئەم ئێــوارەیە نەهاتبــایە ســبەینێ لەپــاریس دەبــووین نــازانم چــۆن گەشـــتە ئـــێمە! بەجـــوانی بـــۆی ڕوون کــــردمەوە کەمـــن هەڵەبوومــو فرانــک لەســـەر حەق بـــووە، خۆمـــان خســتۆتە بــارودۆخێکی لۆمــاوییەوە دواتـــر پێشــنیازی بــۆکردین هەلکێمــان پــێ بــدات بــۆئەوەی لەگەڵ لــۆد ســایمۆن قســەبکەین، ڕاســتەوخۆ هــاتین بۆشـــــوێنی نیشـــــتەجێبونەکەی. ئێســـــتا ڕۆبـــــرت

هەمــوو شــتێکت بیســت...... زۆر داوای لێبــوردن دەکەم کەبــوومە هــۆی ئازاردانــت، هیــوادارم ڕات لەسەرمن خراپ نەبێ.

لـــۆرد ســـایمۆن لەســـەر ڕای پاشـــگەزنەبوەوە، گــوێی لەوبەســەرهاتە درێژەگــرت لەکاتێکــدا مــڕو مــۆچ بــوو لێوەکانیشـــی لەیەک نــابوو. گـــوتی: تکـــایە بمبـــورە بەڵام ڕانەهـــاتووم بەم شـــێوەیە موناقەشەی ژیانی تایبەتیم بکەم.

- لـــێم خۆشـــنابی، تەنـــانەت تەوقەشـــم لەگەڵ ناکەی پێش ئەوەی بڕۆم؟
- اەە، بەدڵنیاییەوە، ئەگەر ئەوەدڵخۆشت دەکا.

دواتـــر دەســـتی هێنـــاو بەســـاردییەکەوە دەســـتی گــرت، هــۆڵمز پێشــنیازی کــردوو گــوتی : هیــوامە خواســـت لەم خـــوانە دۆســـتانە بەشـــدار بیـــت لەگەڵمان.

لــۆرد وەڵامــی دایەوەو گــوتی: پــێم وابێــت داوای زۆرەکەی، ناچــارئەبم بــۆبەرەو پێشــچوونی نــوێ، بەڵام نــاتوانن چــاوەڕێی ئەوەم لــێ بــکەن، لەســەر ئیزنتان هیوای شەوێکی خۆشتان بۆدەخوازم .

دواتر چەمییەوە بۆهەمووەمانو لەژوورەکە نەما.

شــێرلۆک گـــوتی: بەلایەنـــی کەمەوە هیواخـــوازم شەرەفی میوانداریتان بەمن ببەخشن.

دوای ڕۆشـــتنی میوانەکانمـــان هـــۆڵمز گـــوتی: دۆســـییەکی ســـەرنج ڕاکـــێش بـــوو زۆر بەجـــوانی ڕوونـــی کـــردەوە هەرچەنـــدە لەســـەرەتادا ئەکرێـــت

ئاڵۆزبێت بەڵام دەتوانرێت کۆتایی پێ بهێنێت، هیچ شتێک ناتوانێت بەقەدەر ئەوزنجیرە ڕووداوە سروشتی بێت کەخاتوون گێڕاییەوە،



بۆنموونە هیچ شتێکیش بەقەدەر ئەنجامەکەی لیستراد سەیر نییە کەپێی گەشتووە.

- کەواتە تۆ هەڵەت نەکرد لەڕوونکردنەوەی؟
- لەسەرەتدا بەڕوونی پەیم بەدوو ڕاستی برد؛ یەکەمیان خاتوونەکە بەوپەڕی ڕەزامەندییەوە ڕۆشتووە بۆکڵێسا دووەم بەپەشیمانی گەڕاوەتەوە. کەواتە ڕوونە لەو نێوەندا شتێک ڕوویداوەو ڕای خۆی گۆڕیوە، ئەبێ ئەوشتە چی بێت؟ نەیدەتوانی لەدەرەوە قسە لەگەڵ هیچ کەسێک بکا چونکە لەگەڵ زاوا بووە، ئەبێ کەسێکی بینیبێت؟ ئەگەر بینیشیبێتی ئەبێت ئەمریکی

بێــت چــونکە مــاوەیەکی کەمە لەم شــارەدایە، نـــاکرێ ڕێـــگەی بەکەســـیش دابێـــت کـــاریگەرییەکی واقــوڵی لەســـەر دروســت بکـــات و پـــیلانەکەی هەمـــووی بگۆڕێـــت. گەشـــتینە ئەوەی بەدڵنیـــاییەوە کەســـێکی ئەمریکـــی بینیـــوە. بەڵام ئەم ئەمــریکیە کێــیە؟ بـــۆچی کـــاریگەرییەکی ئەوەنـــدە قـــوڵی لەســـەری هەیە؟ ئەبێــت خۆشەویســتی بێــت؟ ئەشکرێت مێردیشی بێت؛

مـــاوەی ئـــافرەتبووۆی خـــۆی لەکەشـــێکی قـــورس لەزروفێکـــی قـــورس بەســـەربردووە. هەتــا ئەو ئاســتە گەشــتبووم پــێش ئەوەی لــۆرد ســـایمۆن بەســـەر هاتەکەمان بـــۆبگێڕێتەوە، دەربــارەی بــوونی پیاوێــک لەکڵێســاو گــۆڕینی ڕەفتـــاری دوا، لەگەڵ کەوتنـــی گـــوڵەکە( ڕێگــایەکی ئاســانە بۆوەچنــگ خســتنی نــامە) وە ڕۆشـــتنی خـــاتوونەکە بـــۆلای خزمەتکـــارە تـــاییەتەکەی و ئامـــاژەیەکی ڕوون کاتێـــک گـــوتی (( بـــازدان بەســـەر مـــاف)) ، کەبەزمـــانی کرێکارەکـــانی کـــان بەواتـــای – دەس بەســـەرا گرتنـــی مافەکـــانی کەســێکی تــر کەیەکەم جـــــــار گەشـــــــتووە.....بەمە هەمووشـــتێک ڕوون بـــویەوە، لەگەڵ پیاوێـــک ڕای کـــردووە ، ئەم پیـــاوە یـــان خۆشەویســـتە یـــان پیـــاوی پێشـــو، گریمـــانەکەش ڕاســـت دەرچوو.

- بۆخاتری خوا چۆن دۆزیتەوە؟
- ئەگەرا ئاستەم بوبێت، بەڵام لیستڕادی هاوڕێمان زانیارییەکی وەچنگ بوو کەخۆی پەی بەنرخەکەی نەدەبرد. پیتەکانی سەرەتای ناوەکە زۆر گرنگ بوو بەلای ئەم کەسەوە، بەڵام ئەو زانیاریانەی کەوەدەستمان گەشت لەڕێگەیەوە ئەوەبوو کەوەسڵی یەکێک لەڕاقی ترین هۆتێلەکانە لەلەندەن.
- چۆن هۆتێلەکەت بۆدەرکەوت؟
- لەڕێگەی نرخەکانەوە هەشت شڵ بۆمانەوە ئاماژەیە بۆ هۆتێلێکی ڕاقی لە لەندەن. ئەو هۆتێلانەی کەنرخێکی لەم شێوەیان هەیە کەمن ، هۆتێلی دووەم کەسەردانم کرد لەڕێگەی تۆمارەکانەوە زانیم کەڕۆژێک پێشتر فرانسیس مۆرتان ڕۆشتووە. کاتێک وەسڵەکانیم پشکنی هەمان ئەو بانکەم دۆزییەوە کەلەوەسڵەکەی لیستراد هەبوو. ناونیشانەکەی ماڵی ژمارە ٢٢٦ لەمیدانی گۆردۆن بۆئەوەی نامەی بۆبنێرن بەم شێوەیە ڕۆشتم بۆماڵە نوێیەکە. بەخت یاوەرم بوو هەردوو هاوسەرە خۆشەویستکەم لەماڵەکەدا بینی، هەندێک ئامۆژگاری باوکانم کردوونو بۆم ڕوون کردنەوە کە مەوقیفی خۆیان کەمێک بۆڕای گشتی بەتایبەت لۆرد سایمۆن ڕوون

بـــــــكەنەوە، بانگهێشـــــتم كـــــردن بـــــۆئێرە ئاگاداربووم كەلەكاتی خۆیشیدا بێن.

- بەڵام بێ ئەنجامێكی باش.

هــۆلْمز بەزەردەخــانەیەكەوە گــوتی: اە، واطســۆن، لەوەیە تــۆش بەوشــێوەیە بەخشــندە نەبــێ كاتێــك دەزانـــی لەژنەكەتــو لەوســەروەتە بێــبەش دەكرێـــی كە كۆششت بۆكردووە!

پێموابێــت ئەبێــت ســووربین لەســەر حــوكم كــردن لەســــەر لــۆرد ســایمۆن چــونكە جــارێكی دیــكە خۆمـــــــان لەمەوقیفێكـــــــــی لەوشـــــــــێوەیە نـــــابینینەوە....دەی، كورســـــییەكەت ڕاكێشـــــەو كەمــانەكەتم پــێ بــدە، تــاكە كێشــە ئێســتا ڕووبەڕوی ببیــنەوە ئەوەیە چــۆن ئەم شـــەوە پــایزە بێــزاركەرە بەڕێ بكەین.

***

تەواو

سوپاســـــی خوشـــــکەکەم دەکەم کەیـــــارمەتی داوم لەوەرگێڕانی ئەم زنجیرەیەدا.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ
گروپی کتێبخانەی ( PDF )
ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان
وە بەرهەم و کاری نوێ

